ئیسلام بە نامۆیی دەستپێکرد، وبە نامۆیی دەگەڕێتەوە، بۆیە موژدە بێت بۆ ئەوانەی کە نامۆن

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئیسلام بە نامۆیی دەستپێکرد، وبە نامۆیی دەگەڕێتەوە، بۆیە موژدە بێت بۆ ئەوانەی کە نامۆن».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕایدەگەیەنێت کە ئیسلام سەرەتا بە نامۆیی دەستیپێکرد لە نێو خەڵکێکی دیاریکراو وشوێنکەوتووانی کەم بوون، ودیسانەوە ئیسلام بە نامۆیی دەگەڕێتەوە بەهۆی کەمی ئەو کەسانەی پابەندن پێوەی وەکو پێویست، بۆیە موژدە بێت لەوانەی کە نامۆن، وبەختەوەر وئاسوودە بن وچاویان ئۆقرە بگرێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66219